# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی بیستەم: گرفتی سەنتەرە تەندروستیەکانی گەرمیان

**ئایاری ٢٠١٩**

١/٦/٢٠١٩

# ناوەڕۆک


| ناونیشان | ژمارەی پەرە |
| --- | --- |
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | ٤ |
| کارنامەی یەکە | ٥ |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | ٦ |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | ٨ |
| سەنتەری راهێنان وچارەسەری دەرونی | ٨ |
| ئەو کەسانەی کە چارەسەر وەردەگرن لەم سەنتەرە | ٨ |
| بینای سەنتەر | ٩ |
| ئاماری سەردانیکەران | ١١ |
| پێداویستیەکانی سەنتەر | ١٢ |
| ئەو نەخۆشیە دەرونیانەی لێرە چارەسەریان بۆ ناکرێت | ١٣ |
| بەرزکردنەوەی ئاستی چارەسەر و راهێنانی دەرونی لەم سەنتەرە | ١٣ |
| سەنتەری گورچیلەی دەستکرد | ١٤ |
| ئەوکەسانەی چارەسەر وەردەگرن لەم سەنتەرە | ١٤ |
| ئاماری سەردانیکەران | ١٥ |

| | |
|---|---|
| پێداویستیەکانی سەنتەر | ١٦ |
| ئەو نەخۆشخانەی چارەسەریان لێرە نیە | ١٧ |
| سەنتەری ددان | ١٧ |
| ئەو چارەسەرانەی بۆ نەخۆش دەکرێت لەم سەنتەرە. | ١٨ |
| کێشەی نەبون و سیانەنەکردنی ئامێرەکان | ١٩ |
| کەمی پێداویستی و دەرمان لە سەنتەرەکە | ١٩ |
| پیسی ئاوی تانکیەکانی سەنتەرەکە | ٢٠ |
| ئەو گرفتانەی بەهۆی کەمی پزیشک و یاریدەدەری پزیشکەوە دروست بون | ٢٠ |
| ئامار | ٢١ |
| سەنتەری تیشک | ٢١ |
| رای نەخۆشەکان | ٢٣ |
| ئامار | ٢٤ |
| رای بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان | ٢٥ |
| بەشی سێیەم: راسپاردەکان | |
| راسپاردەکان | ٢٧ |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ساڵی رابردودا یەکەکە (٤٠) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیيانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەیییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

*** دەستپێک**

لە گەرمیان چوار سەنتەری پزیشکی حکومی هەیە ئەوانیش(سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەرونی، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، سەنتەری ددان و سەنتەری تیشک).

کۆی ئەم سەنتەرانە کۆمەڵێک کێشەی هەمیشەیی و کاتیان هەیە، کێشەی بنەرەتی هەندێکیان هەر لە کاتی کردنەوەیەوە هەبوە جا لە بیناکەیان بێت یاخود ستاف و ئامێرەکانی سەنتەرەکە، بەردەوام ئەم کێشانە بوەتە گرفت بۆ سەنتەرەکان و هاوڵاتیانیش وەک خۆیان باسی لێوەدەکەن ئەوان باجەکەیان داوە.

لە ئێستاشدا کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیکە هاتونەتە پێش لە سەنتەرکان کە پێویستیان بە چارەسەری دەستبەجێ و خێرایە، چونکە هەندێکیان بونەتە مەترسی بۆ ژیانی سەردانی کەرانیان.

**١. سەنتەری راهێنان وچارەسەری دەرونی**

سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەرونی تایبەتە بە لایەنی دەرونییەوە جا چارەسەرەکە بە راهێنان بێت یاخود بە دەرمان، چونکە دۆخی نەخۆشەکان جیاوازە، بۆنمونە لێرە ئالودەبوانی مادەی هۆشبەر چارەسەر دەکرێت، هاوکات کێشە خێزانیەکانیش وەک لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە چارەسەر و راهێنانی دەرونی چارەسەر دەکرێن، لەگەڵ چەند گرفت و نەخۆشیەکی دیکە.

**أ. ئەو کەسانەی کە چارەسەر وەردەگرن لەم سەنتەرە**

ئەو کەسانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، یاخود بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی هەست دەکەن دەیانەوێت کەسێک بکوژن بە بێ هۆ، نەخۆشی دەرونی ئاسایی، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت یاخود دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەریان، ئەوانەشی کە توندوتیژی دەکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو کەسانەی مادەی هۆشبەر بەکاردێنن لێرە چارەسەریان بۆ دەکرێت.

هەروها ئەو نەوجەوانانەی کە تاوانبارن و تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە لە لایەن پۆلیس و ئاسایشەوە دەهێنرێنە ئەم سەنتەرە بۆ چارەسەری دەرونی.

چارەسەکردنیشیان دوجۆرە یەکەم (Neurosis) چارەسەر بە قسەکردن دوەم (Psychosis) چارەسەرکردن بە دەرمان.

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لایەنە بەرپرسەکانی تەندروستی گەرمیان گرنگیەکی ئەوتۆ بەم سەنتەرە نادەن، تاکە شتێک کە گرنگی پێبدەن ئەوەیە کە نەخۆش لێرە دەرمانی وەک چارەسەر پێبدرێت و بڕوات، بێئەوەی لایەنی دەرونی و شێوازەکانی دیکەی چارەسەریان بە هەند وەرگرتبێت.


سەبارەت بەم لایەنە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باسیلەوەکرد: لە پێش ساڵی ٢٠١٥ ئەم سەنتەرە وەک رێکخراوێکی مەدەنی بۆ هۆشیارکردنەوە بەرێوەبرابو دوربو لە چارەسەری تەندروستی.

بە وتەی ئەو لە پاش ئەوە هەوڵیانداوە کارەکانی بگۆرن بۆ چارەسەری تەندروستی دەرونی.

### ب. بینای سەنتەر

ئەم سەنتەرە لە ساڵی ٢٠١٣ کراوەتەوە، بینای ئەم سەنتەرە هەمان بینای پێشوتری بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلارە، بەم هۆیەشەوە شێوازی بیناو کۆنی بیناکە یەکێکە لە کێشەکانی ئەم سەنتەرە، بەرێوبەرو کارمەندانی سەنتەرەکەش هێما بۆ ئەوە دەکەن هیچ پێوەرێکی بینای بینینی نەخۆشی دەرونی تێدانیە.

فەرەیدون ئیسماعیل، بەڕێوبەری سەنتەرەکە بەم شێوەیە باسی نەگونجاوی بیناکەی بۆ کردین: "بە هیچ شێوەیەک بینای ئەم سەنتەرە گونجاو نیە و بۆ نەخۆشی دەرونی نابێت، گەرمیان پێویستی بەسەنتەرێکی دەرونی گونجاو هەیە کە بیناو ستاف وشوێنی مانەوەی نەخۆشی هەبێت".




لە کاتی سەردانی کردنی ئەم سەنتەرە ئەوەی بینیمان هیچ بەشێکی وەک سەوزایی و باخچە تێدا نیە لە کاتێکدا بونی سەوزایی و باخچە پێویستییەکی شوێنی چارەسەری دەرونیە.

ئامینە عەلی، چارەسازی دەرونی سەنتەرەکە، وتی: "زۆرجار نەخۆشەکانم پێویستیان بەوەیە لە دەرەوەی چوار دیوار قسەیان لەگەڵ بکەم، دۆخێکی ئارامی بۆ برەخسێنم بۆ نمونە لە باخچەیەک، بەڵام ئەوە لێرە نیە".

لەگەڵ ئەمەشدا دەنگە دەنگی ژورەکان و شوێنی چاوەروانی نەخۆش و چارەسازەکانی بێزار کردوە، چونکە سیستەمی بیناکە بەشێوەیە نیە کە دەنگ نەگوازێتەوە دەرگاو پەنجەرەکانیشی بەو شێوەیە نیە کە کاریگەریەکانی کەم بکاتەوە.

سەبارەت بەبینای ئەم سەنتەرە و نەگونجانی لەگەڵ بینای سەنتەرێکی دەرونی، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "دەزانین بینای سەنتەری دەرونی بچوکە، بەڵام لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە ئەوە گرنگە کە چارەسەری تێدا دەکرێت".

لەناو ئەم بینایەدا تەنانەت شوێنی کۆگاکردنی کەل و پەل و فۆرمی نەخۆشیشیان نیە، بۆیە بەمشێوەیە لە رارەوەی (W.C)دا کۆگا کراوە.



**دیمەنێک لە کۆگاکردنی کەلوپەل و فۆرمی نەخۆشەکانی سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەرونی لە کەلار**

### ت. ئاماری سەردانیکەران

بەڕێوبەری سەنتەرەکە ئەوەی خستەڕو ژمارەی سەردانیکەرانیان رۆژ دوای رۆژ زیاد دەکات، ئەوەش دەبەستێتەوە بە سەرکەوتوی چارەسەرەکانیان.

فەرەیدون ئیسماعیل، باسیلەوەکرد: "ژمارەی سەردانیکەرانی ئێرە بەشێوەی بەرچاو زیادی کردوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئەو چارەسەرانەی لێرە دەکرێت بۆ نەخۆش هاوشێوەی چارەسەی تۆرینگەی پزیشکانە لەگەڵ ئەو نەخۆشخانەو سەنتەرانەی کە لە دەرەوەی کەلارن".
ئەم سەنتەرە بەدەر لە نەخۆشەکانی سنوری گەرمیان نەخۆشی قەزای خانەقین و دەربەندیخان و ناحیەی جەلەولا، سەردانی دەکەن.

| زنجیرە | کارو چالاکی و خزمەتگوزاریەکانی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ | ژمارەی سەردانیکەر |
|---|---|---|
| ١ | کۆی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ سەنتەر | ٨٤٦ |
| ٢ | بینی نەخۆش لە لایەن پزیشکەوە | ٥٠٣ |
| ٣ | بینینی نەخۆش لەلایەن چارەسازی دەرونی | ١٨١ |
| ٤ | چارەسەرکردنی کەیسی پەنابردن بۆ خوکوشتن | ١٩ |
| ٥ | پشکنینی دەرونی مامەڵەی هاوڵاتیان | ٣٣ |
| ٦ | کەیسی توندوتیژی خێزانی | ٦٣ |
| ٧ | کەیسی دەستدرێژی سێکسی | ٣ |
| ٨ | کەیسی ئاڵودەبون بە مادە هۆشبەرەکان | ٦ |
| ٩ | بینینی کەیسی کەم ئەندام | ٨ |
| ١٠ | بینینی کەیسی نەوجوانان | ٦٥ |
| ١١ | پێدانی رێنمایی دەرونی | ٤٨ |

ئەمەش لە کاتێکدایە ئەگەرچی بە پێی بنەمای تەندروستی جیهانی (WHO) چارەسازی دەرونی لە رۆژێکدا دەبێت تەنها دو نەخۆش ببینێت، بەڵام چارەسازەکانی ئەم سەنتەرە هەندێک لە رۆژەکان ٣ بۆ ٤ نەخۆش دەبینن، پزیشکی دەرونیش دەبێت کەمتر لە ١٠ نەخۆش ببینێت.

### پ. پێداویستیەکانی سەنتەر

وەک ئەوانەی لە سەنتەرەکە کاردەکەن باسی لێوەدەکەن پێداویستیەکانی ئەم سەنتەرە پاشماوەی بەشەکانی دیکەیە بەسەر ئەماندا ساخبوەتەوە.

لەکاتی بەسەرکردنەوەی ژورەکانی بینی نەخۆش و هۆڵی چاوەڕوانی لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکە، ئامێرەکانی فێنککەرەوەی تەنها یەک ژوریان کاری دەکرد ئەو ئامێرەی فێنکەرەوەشی کە لە بەشی چاوەڕاوانی لە پێشوتردا هەبوە، لە لایەن نەخۆشخانەی گشتیەوە براوە بۆ بەشی راوێژکاریەکەی.

فەرەیدون ئیسماعیل، بەڕێوبەری سەنتەرەکە لەسەر ئەم کێشەیە وتی: "تەنانەت لە ژوری بینی نەخۆشەکانیش تەنها یەک ژوریان ئامێری فێنککەرەوەی هەیە".

باسیلەوەشکرد چەندینجار داوای دابیکردنی ئامێری فێنکەرەوەیان کردوە، بەڵام بە بیانوی قەیرانی دارایەوە بۆیان دابینەکراوە ئێستاش دوبارە داواکاریانکردو بۆ هەمان مەبەست.

بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەین، بەڵام دەبێت خۆیان نوسراو بکەن و بەدواداچون بکەن بۆ نوسراوەکانیان.

د.سیراون محەمەد، وتیشی: "زۆرجار بەڕێوبەری ئەم سەنتەرانە خۆیان بەدوای نوسراوەکانیان ناچن ئێمەش فریایی ئەو هەمو نوسراوە ناکەوین، دەبێت خۆشیان خەمی نوسراوەکانیان بخۆن و بەدواداچونی بۆ بکەن".

بەدەر لەم کێشەیە چەندین گرفتی نەبونی پێداویستی دیکە لەم سەنتەرە بونی هەیە، یەکێ لەوانە کارنەکردنی کۆمپیوتەرەکانیەتی، وەک (ئامینە عەلی) باسیکرد تەنها کۆمپیتەرێک لە سەنتەرەکەیان کاردەکات، ئەویش هەندێکجار بۆ کلیکێک دە خولەکی دەوێت و بەتەواوی بێزاریکردون، چاپکردنی فۆرمی نەخۆشەکانیش هەر بەم کۆمپیتەرە دەکرێت.

لە بەرامبەر ئەم کێشەی سەنتەرەکەدا، د.سیراون محمەد، بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان، رونیکردەوە:"تەنها یەک نوسراومان بۆ بکەن ئەم کێشەیان بۆ چارەسەر دەکەین لە رێگەی بەشی ئایتی بەڕێوبەرایەتیەوە، ئەگەری پێویستی بەگۆڕین کرد ئەوا نوسراو دەکەین بۆ وەزارەتی دارایی".

### ج. ئەو نەخۆشیە دەرونیانەی لێرە چارەسەریان بۆ ناکرێت

بەهۆی ئەوەی بینای سەنتەرەکە شوێنی مانەوەی نەخۆشی نیە، هەر نەخۆشێک لێرە پێویستی بە مانەوەبێت دەنێردرێتە سلێمانی.

بەڕێوبەری سەنتەرەکەش دەڵێت: بەدەر لەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە مانەوەیە ئەو نەخۆشانەشی کە پێویستیان بە "کارەبایە" هەر دەنیردرێنە سلێمانی.

ئەمە لە کاتێکدایە نەخۆشی ئۆتیزمیش لێرە چارەسەری بۆ ناکرێت کارمەندێکی سەنتەرەکەش دەڵێت چەندینجار دوامانکردوە ئەو بەشە لێرە بکرێتەوە بۆ کارئاسانیکردن بۆ خێزانی ئەو نەخۆشانە.

ئامینە عەلی، وتی: "خێزانی واهەیە موچەکەی ٤٠٠ هەزارە کەچی ٥٠٠ هەزار دەدات بە ڕاهێنەر بۆ چارەسەری ئەو منالەی کە ئۆتیزمی هەیە، چەندینجار داوامانکردوە لێرە شوێنیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی ئەرکی خێزانەکان کەمکەینەوە، چونکە بە ئاسانی لێرە دەتوانرێت ڕاهێنانیان پێبکرێت".

### ح. بەرزکردنەوەی ئاستی چارەسەر و ڕاهێنانی دەرونی لەم سەنتەرە

باری دەرونی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کەسەکان لە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەیان، بۆیە بەشێکی نەخۆشانی دەرونی پێویستە کێشەکەی لیژنەی بۆ دروست بکرێت، چارەسازێکی دەرونیش دروستکردنی لیژنە بۆ هەندێک حاڵەت بە گرنگ و پێویستیەکی سەرەکی ئێستای سەنتەرەکە دادەنێت.

ئامینە عەلی، دەڵێت: "لێرە کێشەی نەخۆشەکان جیاوازە، بەشێکیان پێویستیان بە لیژنەیە بۆ ئەوەی قۆناغەکانی چارەسەری بە سەرکەوتوی تێپەڕێنێت".

پێکهاتەی لیژنەکەش خۆی دەبینێتەوە لە: "پزیشکی دەرونی، چارەسازی دەرونی، توێژەری کۆمەڵایەتی، کەسی یاسایی، توێژەری دەرونی".

تاوەکو ئێستا توێژەری کۆمەڵایەتی لەم سەنتەرە بونی نیە، هیچ پەیوندیەکیش لە نێوان ئەم سەنتەرەو بەشی دەروناسی زانکۆی گەرمیان نیە، کە گرنگیەکەی تایبەتی هەیە بۆ سەنتەرەکە لەکاتی بونی پەیوەندی نێوانیان.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر گرنگە لە سەنتەرەکە چارەسەرسازیی پزیشکی هەبێت بۆ باشکردنی کارەکانیان، بەڵام لەم سەنتەرە هیچ کارمەندێکیان هەڵگری بڕوانامەی چارەسازی پزیشکی نین.

د.سیراون محەمەد، وتیشی: "ئێستا نەخۆشەکان گەرمیان هەر لێرە چارەسەریان بۆ دەکرێت لە لایەن پزیشکی دەرونی و چارەسازە کۆمەڵایەتیەکان و ناچار نابن بچنە سلێمانی یاخود هەولێر".

### ٢. سەنتەری گورچیلەی دەستکرد

ئەم سەنتەرە لە گەرمیان تایبەتە بە پاڵاوتنی خوێن بۆ ئەو کەسانەی گورچیلەکانیان توانای پاڵاوتنی خوێنی نەماوە. ئەم سەنتەرە ساڵی ٢٠١٠ کراوەتەوە، بینای ئەم سەنتەرە تایبەت دروست نەکراوە، بەڵکو بینای تایبەت بوە بە کارێکی دیکەی ناو نەخۆشخانەی گشتی کەلار.

پاشکرانەوەی سەنتەرەکە لە ساڵی ٢٠١٤، دوبارە فراوانکراوە لە ئێستاشدا وەک بەڕێوبەری سەنتەرەکەی ئاماژەی بۆکرد نوسراویان کردوە بۆ ئەوەی دوبارە فراوانبکرێت و نۆژەنبکرێتەوە.

#### أ. ئەوکەسانەی چارەسەر وەردەگرن لەم سەنتەرە

ناوی سەنتەرەکە گورچیلەی دەستکردە، بەڵام کارەکانی جیاوازە، ئەو نەخۆشانەی لێرە دەبینرێن بریتین لە ئەو کەسانەی توشی لاوازی گورچیلە بون و گورچیلەکانیان توانای پاڵاوتنی خوێنی نەماوە، هەفتانە دو بۆ سێ رۆژ سەردانی ئەم سەنتەرە دەکەن.

ئەو نەخۆشانەشی کە گورچیلەیان بۆ چێندراوە بە هەمانشێوە سەردانی ئێرە دەکەن بۆ وەرگرتنی دەرمان،

لە هەفتەیەکدا دو رۆژیش دیاری کراوە بۆ وەرگرتنی دەرمان.



**دیمەنی ژنێک لە کاتی پرۆسی "شۆشتنەوەی گورچیلەدا" لە سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە کەلار**

**ب. ئاماری سەردانیکەران**

ژمارەی سەردانیکەرانی ئەم سەنتەرە وەک بەڕێوبەری سەنتەرەکە هێمای بۆ کرد تاوەکو ئێستا مەترسیدار نیەو ستانداردی تێنەپەڕاندوە .

کاروان محەمەد، وتی: "ماوەی ٨ ساڵ زیاترە ژمارەی سەردانیکەران تاوەکو ئێستا کەمترین ژمارە ٢٢ نەخۆش بوەو زۆرترین گەشتوەتە ٣٢ نەخۆش" .

وتیشی: "تاوەکوئێستا نەخۆشی پەککەوتنی گورچیلەکان لە گەرمیان مەترسیدار نیەو رێژەکەی ستانداره" .

بە پێی ئامارەکانی چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵیش(٨٤٩) پرۆسەی شتنەوە بۆ نەخۆش لەم سەنتەرە ئەنجامدراوە،

ئەو نەخۆشخانەی سەردانی ئێرە دەکەن بە پێی خشتەیەک هەفتەی دوجار دێنەوە بۆ پاڵاوتنی خوێنیان.

پاڵاوتنی خوێن لە بری گورچیلە ماوەی چەند ساڵێک دەخایەنێت، ئەو نەخۆشانە بەشێکی زۆریان دوای چەند ساڵێک گیان لە دەست دەدەن.

ئەو نەخۆشانەی سەردانی ئەم سەنتەرە دەکەن دانیشتوی کەلار و کفری و دەربەدیخان وناحیەی مەیدان و هەندێکیشیان دانیشتوانی ناوچە دابڕێنراوەکانن، لە ئێستاشدا لە هەوڵی کردنەوەی هۆبەیەکی دیکەن بۆ سەنتەرەکە، کاروان محەمەد، وتی: "لە هەوڵی کردنەوەی هۆبەیەکین لە قەزای کفری".

هۆبەکە پێکهاتوە لە دو ئامێر و ژورێک لەناو بینای نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش هێمای بەوەکرد کە بەشێکی کارەکانی تەواوبوە لە ماوەی ئایندەدا دەیکەنەوە بۆ ئەوەی چیدیکە نەخۆشەکانی کفری ناچار نەبن بە بەردەوامی بێنە کەلار.

### ت. پێداویستیەکانی سەنتەر

لە ئێستادا نزیکەی (١٣) ئامێری پاڵاوتنی خوێن لەم سەنتەرە هەیە، بەڕێوبەری سەنتەرەکە باسیلەوەکرد بە پێی پلانەکانیان تاوەکو ١٥ بۆ ٢٠ ساڵی دیکە هیچ کێشەیەکی ژمارەی ئامێریان نابێت، بەڵام ماوەی ساڵێک دەبێت ئامێری شکاندنی بەرد لە سەنتەرەکە لە کارکەوتوە و کۆمپانیاکەشی چاکی ناکاتەوە بەو هۆییەی کە پارچەکانی ئەو ئامێرەی نەماوە و ئێستا ئەو ئامێرە دروست ناکات.

کاروان محەمەد، بۆ ئەمە وتی: "ئەمە ئامێرێکی گرنگی سەنتەرەکەیە داوای چاککردنەوەمان کردوە، بەڵام نەتوانرا چاکبکرێتەوە بۆییە زۆر گرنگە بکڕدرێتەوە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، جەختی لەوەکردوە پێشتر بۆیە چاکنەکراوەتەوە پارەیەکی زۆری پێویست بوە، ئەوکاتیش پارەی پێویست لە بەردەستیاندا نەبوە.

د.سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەشکرد ئەو ئامێرە لە بنەرەتدا نەکڕدراوە، بەڵکو بۆیان نێردراوە ماوەیەک ئیشیکردوە و دواتر لەکارکەوتوە.

**پ. ئەو نەخۆشخانەی چارەسەریان لێرە نیە**

لە گەرمیان هیچ پزیشکێک پسپۆری نەخۆشی پەککەوتنی گورچیلە نیە، بەو هۆیەشەوە ئەو کەسانەی توشبوی ئەم نەخۆشیەن دەبێت مانگی جارێک سەردانی سلێمانی یان هەولێر بکەن بۆ گۆڕینی دەرمانەکانیان و زانینی ئاستی نەخۆشیەکەیان.

هەندێک لە نەخۆشەکانیش بەهۆی کەمی توانای مادیان ناچار لێرە سەردانی پزیشکانی هەناوی دەکەن.

**٣. سەنتەری ددان**

ئەم سەنتەرە لەساڵی (2010) کراوەتەوە لە بینایەکی کۆندایە کە پێشتر هۆڵی نەشتەرگەری بوە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار.

د.ئەرکان محەمەد، بەڕێوبەری پێشوی سەنتەرەکە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٦ ی یەکەی چاودێری ئاماژەی بەوەکردبو: "بەهیچ شێویەک بیناکە بۆ سەنتەری ددان گونجاو نیە، بەڵام ئێمە گونجاندومانە لەبەر ناچاری چونکە شوێن نیە".

لەبەرامبەر نە شیاوی بیناکەشدا، د.سیروان محەمەد، وتی: "سەنتەری ددان بینایەکی زۆرباشی بۆدروستکراوە ٨٠% کارەکانی تەواو بوە، بەڵام کارکردن تێیدا وەستاوە".

لەکاتی سەردانیکردنی سەنتەرەکەدا لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکە گەڕاین بەنێو ژورەکانیدا، ئەوەمان بینی بەشێکی زۆری دیوارەکانی بوبو بە ماڵی مۆرانە، پزیشکەکانی سەنتەرەکەش بە پێێکەنینەوە پێیان وتین لە نێوخۆماندا ناومان ناوە "سەنتەری مۆرانە".

لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت شوێنی خۆگۆڕینی پزیشک و کارمەندیشی نەبو بەناچاری لە شوێنی دەستشۆرین خۆیان دەگۆڕن، لە ناو ژورەکانیش ئەو پەردەیەی بە پەنجەرەکانەوە بو هێندە کۆن و پیس بون سەردانیکەری بێزار دەکرد. لە ژوری یەکێک لە پزیشکەکانی سەنتەرەکە تەنانەت کورسی دانیشتنی بۆ پزیشکەکەشی تێدا نەبو.



**دیمەنێک لە شوێنی دانیشتنی پزیشک لە سەنتەری ددان/کەلار**

### أ. ئەو چارەسەرانەی بۆ نەخۆش دەکرێت لەم سەنتەرە

هەفتانە شەش رۆژ لەم سەنتەرە پزیشک نەخۆش دەبینێت رۆژانە چوار پزیشک لە سەنتەرەکەن، تەنها رۆژانی شەمان نەبێت کە ٣ پزیشک لێرە دەوام دەکات.

ئەو کارانەی کە بۆ نەخۆش دەکرێت خۆی دەبینێتەوە لە: (پاکردنەوەی ددان، شۆردنی ددان، هەڵکێشان، پڕکردنەوە لەگەڵ نەشتەرگەریی بۆ ئەو ددانانەی کە پێویستیانە).

بۆ ئەوەی بزانین سەردانیکەرانی سەنتەرەکە تاچەند رازین لە چارەسەرەکانی سەنتەرەکە چەند نەخۆشێکمان بۆ ئەو مەبەستە دواند. رەوەند رێبوار، وتی: "پزیشکەکان زۆر باشن لە گەڵمان ئەوەی پێویست بێت بۆمانی ئەنجام دەدەن".

ئەرکان حاتەم، هەمان رای هەبو کە پزیشک و کارمەندەکانی سەنتەرەکە زۆر بە باشی ئەو چارەسەرەی پێویستیانە بۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام گلەیی ئەوەی هەبو هەندێک چارەسەر هەیە لە لێرە ناکرێت بۆ نەخۆش.

لەگەڵ رەزامەندیان لە کاری پزیشکان، بەڵام هەندێکیان گلەیی لە زۆری کاتی مانەوەی چارەسەرەکانیان هەبو لە نەخۆشخانەکە.

رێزان کەریم، وتی: "ماوەیەکی زۆرمان بۆ دادەنێن بۆ هاتنەوەمان بۆ ددان پڕکردنەوە دەڵێن نەخۆش زۆرە".

### ب. کێشەی نەبون و چاکنەکردنەوەی ئامێرەکان

لە کاتی دەستکردن بە گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکە راستەوخۆ هێمای بۆ سەرەکیترین کێشەی ئێستایی سەنتەرەکە کرد، ئەویش پاکردنەوە (تەعقیمکردن)ی ئامێر و پێداویستیەکانی سەنتەرەکەبو بەهۆی خراپبونی جیهازەکانی پاکەرەوەی سەنتەرەکە.

د.یەحیا ئەحمەد، ئاماژەی بە مەترسیەکانی نەبونی ئامێری پاککردنەوە کردو وتی: "راستەوخۆ هەمو ڤایرۆس و بەکتریایەک لە رێگەی ناو دەمەوە دەگوزرێتەوەو ئەمەش پڕ مەترسیە بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە لێرە چارەسەریان بۆ دەکرێت، چونکە هەرکەسێک هەڵگری هەر ڤایرۆس و بەکتریایەک بێت لێرە چارەسەری بۆ بکرێت کەسی دوای ئەوە کە ئەو کەرەستانەی بۆ بەکار دەهێنرێتەوە توشی هەمان ڤایرۆس و نەخۆشی کەسی یەکەم دەبێت".

ئەو ئامێرانەی کە پێویستیان بە چاککردنەوەیە یەکێکیان نێردراوە بۆ سلێمانی ماوەی مانگێکە، بەڵام تاوەکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە نەهێنراوەتەوە بۆ سەنتەرەکە.

ئەم گرفتە نوێ نیە، بەڕێوبەری سەنتەرەکە پێی وتین ماوەی سێ مانگە دەستبەکاربوە، ئەم ئامێرانەیان کێشەی هەیە تەنها بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەو کەرەستانەی بۆ نەخۆش بەکاردێت پاکدەکەنەوە.

ئەگەر نەبونی ئامێرێک مەترسی تەواوی لەسەر ژیانی نەخۆشەکانی ئێرە دروست کردوە، کەواتە بۆچی ئامێری دیکەیان بۆ دابینەکراوە؟ د.یەحیا ئەحمەد، وتی" :داوامانکردوە ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەربکرێت، بەڵام پێمان دەڵێن داوای جیهاز مەکەن".

لەراپۆرتی ژمارە شەشی یەکەی چاودێری کۆنی و نەبونی کورسی یەکێکی دیکە بو لە کێشە سەرەکیەکانی سەنتەری ددان، بەڵام لە ئێستادا بۆیان دابینکراوە.

### ت. کەمی پێداویستی و دەرمان لە سەنتەرەکە

کەمبونەوەی پێداویستی ددان پڕکردنەوە لە ئێستادا بوە بە گرفتێکی دیکە لە سەنتەرەکە، بە بەردەوامیش سەنتەرەکە پێویستی پێیەتی، بەڕێوبەری سەنتەرەکەش هۆکاری ئەمەی وابەستەکرد بە گۆڕینی شێوازی کڕینی دەرمانەوە. وتی: "مەوادی پڕکردنەوەی ددان کەم بوەتەوە لەسەنتەرەکە، هۆکارەکەشی گۆڕینی شێوازی کڕینی دەرمانە". ئاماژەی بەوەشکرد: هەمو رێکارەکانیشی تەواو بوە ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین هەندێک وردەکاری ماوە بۆ داخلکردنی لە کۆگاکانی تەندروستی".

### پ. پیسی ئاوی تانکیەکانی سەنتەرەکە

لە ماوەی رابردودا بڵاوبونەوەی وێنەی تانکیەکانی نەخۆشخانەی گشتی دەنگدانەوەی بەدوای خۆی هێنا، بەهۆی کۆنی و پیسیەوە و لایەنی پەیوەندیداریش بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیان دا. بەڵام لە کاتی سەردانیمان بۆ سەنتەری ددان، بەڕێوبەری سەنتەرەکە وتی: "تانکیەکانی سەنتەرەکە هێندە کۆنن بە تەواوی ژەنگی هەڵهێناوە ئاوەکەی هیچ تەندروست نیە".

دەربارەی ئەوەی تاوەکو ئێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە د.یەحیا ئەحمەد، جەختی لەوەکردەوە کێشەکە وەکخۆی ماوەتەوە.

"بە یەک نوسراو ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر دەکەین، بەڵام من ئاگەداری ئەوە نیم دەبێت خۆیان نوسراومان بۆ بکەن". ئەمە وەڵامی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بو بۆ ئەم گرفتەی سەنتەرەکە.

### ج. ئەو گرفتانەی بەهۆی کەمی پزیشک و یاریدەدەری پزیشکەوە دروست بون

یاریدەدەری پزیشکی ددان دەبێت هاوکاری پزیشکی ددان بێت بۆ تەواوکردنی کارەکانی، بەڵام لەم سەنتەری ددانە ٣ یاریدەدەری پزیش هەیە ئەوانیش کارەکانیان بەم شێوە پێدراوە، یەکەمیان لە هۆڵی نەشتەرگەریە و دوەمیشیان لە ژوری پڕکردنەوەی ددان و شۆردنە، سێیەمیش بلیت برە.

بەڕێوبەری سەنتەرەکەش ئەمە بە کەموکوڕیەکی دیاری سەنتەرەکە دادەنێت و دەڵێت: "نەبونی یاریدەدەری پزیشکی ددان کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر کارەکانی پزیشکی ددان، چونکە پزیشکی ددان بەبەردەوامی وەک ئەوەیە لە هۆڵی نەشتەرگەری بێت پێویستی بە هاوکارە بۆ هێنانی کەرەستەکان و پاکردنەوەیان لەکاتی بەکارهێنانی کەرەستەو پێداویستیەکان، دوای رۆشتنی نەخۆشیش ئامادەکردنی ئامێرەکان و رێکخستنەوەیان بۆ بینیی نەخۆشی دواتر".

لەکاتی باسکردنی پاک و خاوێنی سەنتەرەکە هەندێک لە نەخۆشەکان هێمایان بەوەکرد هەندێکجار بێزیان دێتەوە لەکەرەستەکان کە بۆیان بەکاردێین.

د.یەحیا ئەحمەد، ئەمە بە راست دەزانێت و وتی: "بەڵێ جاری واهەیە نەخۆشەکە دەڕوات راستەوخۆ نەخۆشی دوای ئەوە دێتە شوێنەکەی بەهۆی ئەوەی یاریدەدەری پزیشکمان نیە کەرەستەکان پاک نەکراوەتەوە، بەم هۆیەش هەندێک نەخۆش توانایی بینینی ئەو دیمەنەیان نیە".

### ح. ئامار

ژمارەی ئەو پزیشکانەی لێرە نەخۆش دەبینین ٦ پزیشکی ددانن لەگەڵ ٤ پزیشکی نەشتەرگەری لەگەڵ ١٠ پزیشکی خۆبەخش کە لەسەنتەر و بەشەکانی دیکەی ددان لە گەرمیان دەوام دەکەن.

بەهۆی ئامادەنەکردنی ئاماری مانگانە لەم سەنتەرەدا نەمانتوانی ئاماری مانگەکانی ساڵی ٢٠١٩ بەردەست بخەین.

### ٤. سەنتەری تیشک

ئەم سەنتەرە تایبەتە بە گرتنی ئەشیعەی تایبەت بە نەخۆشیە جیاوازەکان و سۆنارکردن، سەنتەری تیشک بە یەکیک لە کۆڵەکەکانی حاڵەتەکانی فریاکەوتن دادەنرێت لە ئێستادا لە گەرمیان، بەهۆی ئەوەی لە هەمو گەرمیان یەک ئامێری سیتی سکانی هەیە و ئەویش لە سەنتەری تیشکە، لە کاتێکدا پێویستە لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنیش ئەم ئامێرە هەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆیان دابین نەکراوە.

ئامێری سیتی سکان یەکێک لە کارەکانی دیاریکردنی حاڵەتەکانی خوێنبەربونی ناوەکیە (نزیف داخلی)، وەک لە راپۆرتی ژمارە (٩)ی یەکەکەمان دا یاریدەدەری لێپرسراوی کردە پزیشکیەکان ئەوەی بە یەکێک لەهۆکارەکانی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی خستەڕو.

ئامێری (MRI) کە بە "ئەشیعەی تەنوری" ناسراوە، بۆ هەمو گەرمیان یەک دانە هەیە، ئەمەش وەک بەڕێوبەری سەنتەرەکە پێی راگەیاندین وایکردوە لە ئێستادا کە مانگی ئایارە، سەرەی نەخۆش گەشتۆتە مانگی تشرینی دوەم، واتا نەخۆش لە ئێستاوە دەبێت چاوەڕێی مانگی (١١) بێت.

پزیشکان باسلەوە دەکەن ئەمە کێشەی بۆ چارەسەری نەخۆشەکانیان دروستکردوە، د.ئارام عەبدوڵڵا، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەم بارەیەوە وتی: "نەخۆشم هەبوە ١٥ رۆژ دوای ئەوەی گیانی لەدەست داوە سەرەی هاتوە بۆ شیکارکردن لەم سەنتەرە".

"(ئامێری مۆمۆگرافی) ئەم ئامێرە لە گەرمیان بونی نیە، ئەگەرچی گرنگیەکی زیاد لە پێویستی هەیە بۆ ژنانی گەرمیان". بەڕێوبەری سەنتەری تیشک بەم شێوەیە جەختی لە گرنگی ئەم ئامێرە کردوەوە بۆ سنورەکە.

ئامێری مۆمۆگرافی بەکاردەهێنرێت بۆ پشکنینی مەمکی ئافرەتان بۆ زانینی بونی گرێ و لویی شێرپەنجە.

کاروان محەمەد، وتیشی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵێنی دابینکردنی ئەم ئامێرەی دابو، بەڵام تاوەکو ئێستا دابیننەکراوە.

وەزارەتی تەندروستی رەزامەندی لەسەر کڕینی ئەم ئامێرە دەربڕیەوە تەندروستی گەرمیانیش دەڵێت چاوەڕێی وەزارەتی داراییین رەزامەندی دەربڕێت.

د.سیراون محەمەد، باسیلەوەکرد بینای تایبەتیان بۆ ئامادەکردوە، چونکە سەنتەرێکی سەربەخۆی بۆ دەکەنەوە و بودجەکەشی لەسەر سندوقی شێرپەنجە دابیندەکرێت کە نزیکەی ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ ملیۆن دینار بۆ پێداویستیەکانی دابینکراوە.




**دیمەنی نەخۆشێک لە ئامێری سیتی سکان لە سەنتەری تیشک/کەلار**




**دیمەنی نەخۆشێک لە ئامێری MRI سەنتەری تیشک/کەلار**

## ا. رای نەخۆشەکان

ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دانیشتبون لە هۆڵی چاوەڕوانیەکە هەندێکیان بە تەواوی ماندوبونیان پێوە دیاربو یەکێک لەوانە دایکی منالێکی یەک سالبو. وتی: چاوەڕوانی تاقەتی لێبڕوکاندوین، منالەکەم زۆر حالی خراپەو ئەو داخلی نەخۆشخانەکراوە، کەچی ماوەی زیاد لە کاتژمێرێکە من لێرە چاوەڕێم.

لەگەڵ ئەوەی نەخۆشەکان ماوەیەکی زۆر چاوەڕێدەکەن، بەڵام وەکخۆیان دەڵێن زۆرجار هەبوە دوای ئەو چاوەڕوانییە زۆرە بێ ئەنجام نێردراونەتەوە. ئیلهام عەلی، دەڵێت: "زۆرجار هاتوم بۆ ئێرە تاوەکو سەعات ١٠:٣٠ چاوەڕێم کردوە، کەچی کارمەندەکە پێی وتوین تەواو دەتوانن بڕۆنەوە بۆ ئەمڕۆ کەسی دیکە سۆناری بۆ ناکرێت".


ئەگەر بۆ سۆنەرێک نەخۆشەکان بەچەند سەعات و رۆژ چاوەڕوان بن ئەوا بۆ ئەشیعەیەکی MRI دەبێت بۆ چەند مانگێک چاوەڕێ بکەن.

بۆ ئەم گرفتە پیاوێک لە چاوەڕوانی سەنتەرەکە دانیشتبو پێی وتین بۆ ماوەی سێ مانگ چاوەڕێ بوە تاوەکو سەرەی هاتوە بۆ "ئەشیعەیەکی تەنوری".

**نەجات عەلی، وتیشی: "ئەگەر چی ئازاری زۆرم لە ملم هەبو، بەڵام چاوڕێمکرد توانای مادیم نەبو بچمە ئەهلی".**

## ب. ئامار

**لەم سەنتەرەدا ٧ پزیشکی سۆنار و تیشک کاردەکەن لەگەڵ ٢٠ کارمەند، ئامارەکانی نەخۆش بۆ چوارمانگی یەکەمی ئەمساڵ لە سەنتەرەکە بەم شێوەیە بوە:**




| | کانونی دوەم | شوبات | ئازار | نیسان |
|---|---|---|---|---|
| MRI | ٣٣٩ | ٤٠٣ | ٣٢٤ | ٤١٢ |
| CT.SCAN | | | ٨٥ | ٨٥ |
| C.R | ٥٩٥ | ٦٨٦ | ٥٧٥ | ٨٢١ |
| سۆنار | ٦٣٨ | ٦١٦ | ٤٩٤ | ٨٣٢ |

**بە پێی ئامارەکە زۆرترین رێژەی سەردانیکردن لە مانگی نیساندا بوە کە  (٢١٥٠) دو هەزار و سەدو پەنجا نەخۆش کاری تیشک و سۆناری بۆ کراوە، کەمترین رێژەی سەردانیکەریش لەمانگی ئازاردا بوە کە  (١٤٧٨) هەزارو چوارسەدو حەفتاو هەشت نەخۆش تیشک و سۆناری بۆ کراوە.**

**هەر بە پێی ئامارەکان رێژەی سەردانیکردنی رەگەزی مێ زیاترە بە بەراورد بە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە لە رەگەزی نێرن.**

| کۆی ژمارەی سەردانیکەرانی سەنتەری تیشک لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠١٩ | رەگەز | |
|---|---|---|
| | نێر | مێ |
| MRI | ٥٤٧ | ٩٣١ |
| CT.SCAN | ٩٧ | ٧٣ |
| C.R | ١٢٤٠ | ١٤٣٧ |
| سۆنار | ١٥٠٨ | ١٠٧٢ |
| کۆ | ٣٣٩٢ | ٣٥٣١ |

### ٥. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وەک بەرپرسی یەکەمی تەندروستی لە گەرمیان باس لەوە دەکات هەندێک لە سەنتەرەکان هەر کاتی بریاری کردنەوەیان دراوە بریاری دورستکردنی بینای سەربەخۆشیان بۆ دراوە، بینای هەندێک لە سەنتەرەکانیش بۆ ئەم قۆناغەی گەرمیان باشن و "گرنگ خزمەتکردنە تێیاندا".

د.سیراون محەمەد، وتیشی :من کاتێک لە گەرمیان دەستبەکاربوم تەنانەت نەماندەتوانی پێشنیاری دروستکردنی هیچ بینایەک بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بینایانەشی کە کاری دروستکردنی تێدا دەکرا کارکردن تێیاندا راگیرا.

ئاماژەی دا: لە کاتی سەردانیکردنی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ گەرمیان هەمو ئەو بینا تەندروستیانەی کە تەواو نەکراون وەک پێشنیار پێمان داوە بۆ ئەوەی تەواوبکرێت.

لەسەر خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باسیلەوەکرد پەیوەندی بەداواکاری بەڕێوبەری سەنتەرەکانەوە هەیە "ساڵی پار کۆبونەوەمان بەسەرجەم بەڕێوبەرانی نەخۆشخانەوە مەڵبەند و سەنتەرەکان کردوە پێمان وتون هەر ئامێرێکتان پێویستە داواکاری بنوسن بۆ کرینی ".

بۆ چارەسەرکردنی خێرای ئەم کێشەی تەعقیم نەکردنی پێداویستیەکانی سەنتەری ددان ئاماژەی بەوەکرد "ئێستا بەشیوەیەکی سەرەتایی چارەسەرمان کردوە کەرەستەکانی سەنتەرەکە لە بەشی نەشتەرگەری تەعقیم دەکرێن".

ئەمە ئەو پرسیارەی هێنابیە پێشەوە ئاخۆ بەڕێوبەرایەتیەکان دەسەڵاتی راستەوخۆیان نیە بۆ کڕینی ئەم ئامێر و پێداویستیانە؟ د.سیروان محەمەد، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەم دەسەڵاتە لەسەرجەم بەرێوبەرایەتیەکان وەرگیراوەتەوە، ئێمە دەسەڵاتی کڕیی شتی تازەمان نیە، تەنانەت بۆ کڕینی سەلاجەیەک یان فێنکەرەوەیەکیش دەبێت داواکری بەرزکەینەوە بۆ وەزارەتی دارایی تاوەکو ئەوان رەزامەندی دەرنەبڕن ناتوانین هیچ شتێک بکڕین، ناتوانین لە داهاتی خۆشمان بیکڕین".

ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان زیاتر لەنیوملیۆن کەسە، لەهەمو گەرمیانیش یەک ئامێری MRI هەیە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستیش پێیوایە گونجاوە "یەک ئامێر گونجاوە بۆ ئێستای گەرمیان، پێویستمان بە ئامێری دیکە نیە ئەم ئامێرە زۆر پێشکەتوە هیچ کێشەیەکی نیە".

دەشڵێت: "ئامێری CT. SCAN کاتی خۆی گرێبەستێکی خراپی بۆ کراوە، کۆمپانیاکە ئێستا ئەڵێت ئەوەندە کۆنە پارچەکانی دروست ناکەمەوە، بەڵام نوسراومان کردوە بۆ وەزارەت بۆ ئەوەی ئامێرێکی دیکە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن دابینبکەین چاوەڕێی وەڵامین، چونکە زۆر گرنگە بۆ بەشی فریاکەوتن".

ماوەی چەند مانگێکە گرفتی کەمی دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان بوەتە گرفتی سەرەکی لە تەندروستی گەرمیان، سەنتەرەکانیش بێبەش نەبون لەم گرفتە، بۆنمونە سەنتەری ددان یەکێک لە کێشەکانیان کەمبونەوەی پێداویستیەکانی پڕکردنەوەی ددانە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی لەمبارەیەوە وتی: "هۆکارەی ئەم کێشەیە گۆڕینی شێوازی کڕینی دەرمان بو، بەهۆی ئەوەی گرێبەستەکان زۆر دوای خستین".

جەختیشیکردوە: لە ماوەی ئەم دوهەفتەیەدا سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابیندەکرێت، چونکە کاری تەندەرینی کڕینی دەرمان تەواو بوە.

## بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردە

١. سەنتەرە تەندروستیەکان خزمەتێکی بەرچاو بە هاوڵاتیان دەکەن، زۆر کەلێنیان لە پرۆسەی تەندروستی دا بە باشی پڕکردوەتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش کێشەی گەورەی بونیادی و ئیدارەدانیان هەیە، ئەو سەنتەرانە بەپێی تێپەڕینی کات پێویستیان بە نوێبونەوە و تازەکردنەوە هەیە لە هەمو رویەکەوە، بەڵام هەستناکرێت ئەو کارە بکرێت.

٢. سەنتەرەکان لە روی بیناوە زۆرینەیان نەشیاو و کۆنن، تەنانەت هەندێک لە بیناکان بۆ ئەو سەنتەرانە گونجاو نین و دژن بە بنەماکانی خودی ئەو سەنتەرانە، لە نمونەی سەنتەری دەرونی کە لە چەند ژورێکی داخراوی کۆن و بێجوانکاریی پێکدێت و کەشەکەی زۆر نەگونجاوە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی دەرونی تێدا بکرێت.

٣. هەندێک بینا بۆ سەنتەرەکان دروستکراون، لەوانە: سەنتەری ددان، بەڵام بە کاریگەری قەیرانی دارایی کارەکانی بینا و گواستنەوەی تەواو نەبون، پێویستە هەوڵی جیدیی بدرێت بۆ گواستنەوەی ئەو سەنتەرانە.

٤. رەنگە دروستکردنی بینای نوێ کارێکی گران بێت لەم دۆخەدا، بەڵام دەکرێت بە نۆژەنکردنەوە ئەگەر رێژەییش بێت، هەندێک لە کەشی سەنتەرەکان باش بکرێت، چونکە بیناکان زۆر کۆنن و پێویستیان بە نوێبونەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە.

٥. سەنتەرەکان بەدەست هەندێک کەموکورتییەوە دەناڵێنن کە زۆر سادە و زۆر کەم نرخن، بەرادەیەک مایەی سەرسوڕمانە نەتوانرێت چارەسەر بکرێن، بۆنمونە: دانانی تەنکی نوێ بۆ ئاوی سەنتەری ددان، دانانی پەردە بۆ هەمان سەنتەر و دانانی فێنککەرەوە بۆ سەنتەری دەرونی، ئەمانە کاری زۆر ئاسان و کەم خەرجین، کەچی کێشەی گەورەی سەنتەرەکانن و تائێستاش چارەسەر نەکراون.

٦. هەندێک لە بواری سەنتەرەکان لەگەرمیاندا پزیشکی تایبەتمەند نیە یان زۆر کەمە، بۆنمونە سەنتەری گورچیلەی دەستکرد و سەنتەری دەرونی، پێویستە وەزارەتی تەندروستی خەمی ئەم بوارە بخوات و کاتێک سەنتەرێک دەکاتەوە، ئەوا پزیشکی پسپۆڕی ئەو بوارانە بەپێی پێویست بۆ شوێنەکە دابین بکات.

٧. هەست دەکەین پەیوەندی نێوان بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی سەنتەرەکان وەکپێویست نیە، ئەمەش لە بونی کەموکورتی زۆری سەنتەرەکان و کەمی وەڵام و چارەسەر بۆ ئەو کەموکورتیانەوە دەردەکەوێت.

٨. هەندێک ئامێر و پێداویستی ئەو سەنتەرانە هەیە کە پێویستیان بە چاککردن یان گۆڕین هەیە، بەهۆی کۆنی و خراپ بونیانەوە، ئامێری شکاندنی بەرد لەسەنتەری گورچیلەی دەستکرد ماوەی زیاتر لە شەش مانگە لەکار کەوتوە، گرنگە ئەم ئامێرە بکرێدرێتەوە بۆ گەرمیان، هەروەک ئامێری پاکردنەوە (تعقیم) ئەو ئامێرەی کە بۆ پاکردنەوەی پێداویستیەکانی سەنتەری ددان بەکاردێت لەکار کەوتوە بەمەش مەترسی لەسەر تەندروستی سەردانیکەرانی دروست کردوە، چونکە راستەوخۆ هەر نەخۆشێک هەڵگری ڤایرۆس بێت کەسی دوای ئەویش توشی هەمان ڤایرۆس دەبێت.

ئەم کارەش دەبێت لە ئەجێندای کار و خەرجیەکانی تەندروستی گەرمیان دا جێگە بگرێت، لەنمونەی ئامێرەکانی سەنتەری ددان و ئامێری بەردشکاندنی سەنتەری گورچیلەی دەستکرد.

٩. پزیشکانی سەنتەری ددان نەبونی یاریدەدەری پزیشک بە یەکێک لە کێشە بەردەوامەکانیان دەدەن لە قەڵەم و داوادەکەن ئەم کێشەیان بۆ چارەسەر بکرێت، بۆیە پێویستە چ بەکارمەندی گرێبەست بێت یاخود رێکخستنەوەی میلاک بێت، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدرێت، چونکە لەناو سەنتەرەکە یاردەدەری پزیشک بلیت برە

١٠. بەهۆی ئەوەی هەمو گەرمیان یەک ئامێری سیتی سکانی هەیە و ئەویش لە سەنتەری تیشکە، لە کاتێکدا پێویستە لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنیش ئەم ئامێرە هەبێت، چونکە بۆ حاڵەتە گەرمەکانی بریندراری هاتوچۆ و کەوتن دەبێت دەست بەجێ ئەم پشکنینەی بۆ بکرێت.

١١. ئامێری MRI کە بە "ئەشیعەی تەنوری" ناودەبرێت، لۆدێکی زۆری لەسەرە و زۆرینەی ئەو کەسانەی پێویستیان بەو ئەشیعەیە دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەن، پێویستە خەمێک لەم بوارە بخورێت و هەوڵبدرێت لە کڕینی پێداویستی و ئامێرەکان دا رەچاوی قەبارەی ژمارەی دانیشتوان و سەردانکردنی نەخۆشەکان بکرێت.

١٢. نەخۆشانی ئۆتیزم لە گەرمیان هیچ شوێنێکی راهێنان و چارەسەری حکومیان نیە، هەوڵبدرێت بە کردنەوەی هۆبەیەکی تایبەت بەم نەخۆشانە لە سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەرونی، چونکە کارمەندەکانی سەنتەرەکە هێمایان بەوەکردوە کە دەتوانن ئەم کارەبکەن.

## * ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
٢. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
٣. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ – ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org